**حوکمی کڕینی کاڵاو زێڕ بە نرخێکی زۆر بە قەرز و فرۆشتنەوەی بە نرخێکی کەمتر بە حازر وچەند شێوازێکی دیکەی ئەم جۆرە بازرگانیانە**

**قال الله تعالى: {فاسألوا أهلَ الذكرِ إن كنتمْ لا تعلمُونَ} (سورة النحل: ٤٣).**

**الحمد لله والصلاة والسلام على سيدنا رسول الله وعلى آله وصحبه والتابعين لهم بإحسان إلى يوم الدين:**

دوای ئەوەی لیژنەی فەتوای لقی ڕانیە وقەڵادزەی یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان بە نوسراوی ژمارە (١٠٣) لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٨/٢٥ پرسیاریان کرد لە ئەنجومەنی باڵای فەتوای سەبارەت بەو مامەڵەیەی کە لە دەڤەرەکەیان بڵاو بووەتەوە و مشت و مڕی لەسەر دروست بووە لەنێوان زانایان و خەڵکی ناوچەکە، سەبارەت بە کڕینەوەی کاڵاو زێڕ بە نرخێکی زۆر بە قەرز و فرۆشتنەوەی بە نرخێکی کەمتر بە حازر و چەند شێوەیەکی تری ئەم مامەڵەیە.. بەو شێوازو درێژیەی کە لە دەقی پرسیارەکەیاندا هاتووە، ئەنجومەنی باڵای فەتوای هەرێم دوای تاوتوێ کردنی بابەتەکە و گەڕانەوە بۆ سەرچاوەکانی و ڕەچاو کردنی مەبەستە باڵاکانی شەریعەت بڕیاریدا کە:

زوربەی شێوازەکانی ئەو مامەڵەیە یان لە خودی خویانداحەرامن، یان سەردەکێشێن بۆ حەرام، لەبەر ئەم بەڵگەو هۆکارانەی خوارەوە:

١. لەبەر ئەوەی فرۆشتنی هەر کاڵایەك پێش وەرگرتنی حەرامە، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ڕێگری لەوە کردووە کە کاڵایەك بفرۆشرێ پێش ئەوەی وەربگیرێ و (قبض) بکرێ (صحيح ابن حبان ٣٦١/١١) لەو مامەڵەیەشدا کە زۆر جار کاڵاکان دەخەمڵێنرێن بە دەمانچە، ئینجا نرخی حازر یان قەرز بۆ هەر دەمانچەیەك دادەنرێت بەپێی ماوەی قەرزەکە، بێ ئەوەی دەمانچەکان وەربگیرێن و (قبض) بکرێن . هەروەها ئەوە فرۆشتنی کاڵایەکە کە لەلای خۆت نییە و جارێ نەبووەتە مولکی خۆت ئەویش بەهەمان شێوە حەرامەو پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ڕێگری لێکردووە وەك دەفەرموێ: (لا تبع ما ليس عندك) صحيح رواه الترمذي (٣/ ٥٢٦) واتە شتێك مەفرۆشە کە لەلای خۆت نەبێت و جارێ نەبوبێتە مولکت. هەروەها هەندێ جار کاڵاکان بە قەرز لە کەسێك دەکردرێ و بە حازری بە هەمان کەس دەفرۆشریتەوە، ئەمەش جۆرێکی (بيع العينة) یە، کە لەلای زوربەی زۆری زانایان حەرامە ولەلای کۆمەڵێك لە زانایانی مەزهەبی شافعیش کارێکی ناپەسەندە کە کرایە عادەت چونکە فێڵێکە بۆ ڕیبا خواردن .

٢. هەندێ جار کریارەکە بەو مەرجە کاڵایەکە بە قەرز دەکرێت کەفرۆشیارەکە کریارێکی بە حازری بۆ بدۆزێتەوە، بە تایبەت ئەگەر مامەڵەکە زەوی و زارو خانو بەرە بێت، ئەوەش دەچێتە خانەی فرۆشتن

لەگەڵ مەرج، ئەوەش دیسان پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- ڕێگری لێکردووە وەك دەفەرموێ: (نَهى عَنْ بَيْعٍ وَشَرْطٍ) رواه الطبراني في المعجم الأوسط (٢٣٥/٤)

٣. زۆر ئاشکرایە ئەم مامەڵانە فێڵێکن بۆ ڕیبا و سوو خواردن چونکە ئەوکەسەی کاڵاکان دەکڕێ بەقەرز بۆ ئەوەی نییە سود لە وکاڵایانە وەربگرێ بۆ خۆی، بەڵکو تەنها مەبەستی ئەوەیە پارە و سیولەی بێتە دەست، بە بەڵگەی ئەوەی هەندێك جار کە وەختی دانەوەی قەرزەکە دێت قەرزی کاڵا و دەمانچەکان دوبارە دەشکێننەوە بە ژمارەیەك دەمانچەی دیکە بەبێ بینین و(قبض) کردن و دوبارە دەیانفرۆشنەوە بە قەرز بە کڕیارەکە بە ماوەیەکی دیکەو بە زیادەیەکی دیاریکراو، هەروەها تا ماوەی قەرزەکە زیاتر بێت کڕیار کاڵاکە بە زیاتر دەکڕێت.. هتد . خودای گەورەش هەڕەشەی توندی لە مامەڵەی ڕیباوی کردووە وەك دەفەرموێ: (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللَّهَ وَذَرُوا مَا بَقِيَ مِنَ الرِّبَا إِنْ كُنْتُمْ مُؤْمِنِينَ (٢٧٨) فَإِنْ لَمْ تَفْعَلُوا فَأْذَنُوا بِحَرْبٍ مِنَ اللَّهِ وَرَسُولِهِ ) (سورة البقرة: ٢٧٨-٢٧٩).

٤. هەروەها زەمانەتێك و کەفالەتێك لەم مامەڵانەدا نییەو شاهید و نوسینیشی تیادا نییە، ئەوەش سەر دەکێشێ بۆ فەوتانی ماڵی خەڵکانێك و ڕودانی چەندین کێشەو دووبەرەکی لە ناو خەڵکدا، چونکە بەشێك لە خەڵکەکە ڕۆڵی دەلاڵ وسمسار دەبینینن و، لە کاتی فەوتانی پارەکان خەڵکەکە ڕووبەڕووی کێشە دەبنەوە.

٥. ئەو مامەڵەیە دەچێتە قاڵبی (تورّق) ی ڕێکخراوەوە (منظم) کەزورینەی زانایانی سەردەم بە حەرامیان داناوە چونکە لە ڕاستیدا ئەو مامەڵەیە فرۆشتن وکڕینی کاڵا نییە، بەڵکو قەرزێکە سود بە دوای خۆیدا ڕادەکێشێت، چونکە لە یەك کاتدا فرۆشیار دەبێتە کڕیار و وەکیلی کڕیاریش، بە تایبەت کاتێك کە پارە یان زێڕ بە دەمانچە دەشکێنرێتەوە بێ ئەوەی لە ئەرزی واقیعدا بوونی هەبێت، ئەو کاتە مامەڵەکە بە ئاشکرا دەبێتە قەرزی ڕیبەوی.

بۆیە داوامان لە خەڵکی موسوڵمان ئەوەیە کە خۆیان لەو جۆرە مامەڵانە بپارێزن و پارە حەڵاڵەکانیان تێکەڵ بە حەرام و مامەڵەی نادروست وگوماناوی نەکەن.

(والله تعالى أعلم)

ئەنجومەنی باڵای فەتوا لە هەرێمی کوردستان

١٣/محرم/١٤٤٢هـ - ١/٩/٢٠٢٠م-١٠/گەلاوێژ/٢٧٢٠ك